# سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە ؛ شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون

لە ئەبی واقیدی لەیسیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێك دەرچوو بەرەو حونەین؛ تێپەڕ بوو بەلای دارێك پێی دەووترا (زات ئەنوات:ذات أنواط)، کە شاوبەش پەیدا کاران چەکەکانیان پیادا هەڵدەواسی، وموسوڵمانان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا، بۆ ئێمەش دارێکی (ذات أنواط) دابنێ؛ هەروەکو ئەوان، پێغەمبەریش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سبحان الله! ئەمە ئەوەیە کە قەومی موسا ووتیان: {اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ} [البقرة: 138]، واتە: {ئەی موسا تۆیش خوایەك بۆ ئێمە بڕیار بدە وبتێکمان بۆ دابنێ لەسەر شێوەی گوێرەکەیەك هەروەکو چۆن ئەو قەومە بتیان هەیە ودەیپەرستن با ئێمەش بیپەرستین}، سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە ؛ شوێنی ڕێبازی ئەوانەی پێش خۆتان دەکەون.«
[صەحیحە] [رواه الترمذي وأحمد]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کاتێك دەرچوو بەرەو حونەین -کە دۆڵێکە لەنێوان تائیف ومەککە- ؛ هەندێك لە هاوەڵانی لەگەڵدا بوو کە تازە هاتبوونە نێو ئیسلامەوە، تێپەڕبوون بەلای دارێك پێی دەووترا (زات ئەنوات:ذات أنواط)، واتا ئەو دارەی شتەکانی پێوە هەڵدەواسرێت، موشریکەکان بەگەورەیان دادەنا وچەك وشتی تریان پێوە هەڵدەواسی ؛ ئەمیش بۆ داواکردنی پیرۆزی وبەرەکەت لێی، هەندێك لە هاوەڵان داوایان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد وەکو ئەوان دارێکیان بۆ دەستنیشان بکات ؛ بۆئەوەی چەکەکانیانی پێوە هەڵبواسن بۆ داواکردنی بەرەکەت، چونکە پێیان وابوو ئەو کارە دروستە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سبحان الله ! ئەمیش وەکو نکۆڵی کردنێك لەم قسەیە، وبۆ بەمەزندانانی الله، وپێیانی ووتن کە ئەم قسەیە وەکو قسەی قەومی موسایە کە ووتیان: {اجْعَل لَّنَا إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ آلِهَةٌ} [البقرة: 138]، واتە: {ئەی موسا تۆیش خوایەك بۆ ئێمە بڕیار بدە وبتێکمان بۆ دابنێ لەسەر شێوەی گوێرەکەیەك هەروەکو چۆن ئەو قەومە بتیان هەیە ودەیپەرستن با ئێمەش بیپەرستین}، کاتێك قەومی موسا بینیان کەسانێك بت دەپەرستن ؛ داوایان کرد لە موسا وەکو ئەو موشریکانە بتیان هەبێت، ئەم قسەیە شوێنکەوتنی ڕێگای ئەوانە، پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە ئەم ئومەتە شوێنی ڕێگای جولەکە وگاوڕەکان دەکەوێت و وەکو ئەوان کردەوە دەکەن، وهۆشداری کردنەوە لە تووشبوون بە ئەم کارە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5927